چیرۆکی ژیانم

# تائێستا دایکی راستینی خۆم ناناسم

**تارمایی بێکەس**



کـاتێ هەسـتم بـەجیاوازی نێـوان مرۆڤەکان کرد، جیاوازی نێوان خـۆمو ئەنــدامانی دیکــەی بنەماڵەکـــەمان خوێندەوەو. من منداڵێکی چاو رەشو قژ قەترانی، ئەوانی دیکە هەرهـەموویان چاوشینو قژ زەرد. دایکو بـاوکم منیـان لەوانی دیکـە خۆشـتر دەویسـت، نـازانم هـۆی ئـەو خۆشەویستیە چـیبوو، ئایا چونکە من کچ بووم یان چونکە ئـەوان بەسـەرهاتی منیـان دەزانـی؟!. بـەڵام براکـــانم راشـــکاوانە هەســـتیان بـــەو هاوێرکردنـــە دەکـــردو رقیـــان لـــەمن هـــەڵادەگرت. مـــنو براگەورەکـــەم هاوتەمـەن دەهاتینـە بەرچاوان، بـەڵام ئـەو لەهـەموو براکـانی تـرم زەرتربـوو، زۆرجـــاران بەگاڵتـــەوە بـــە(زەردێ) بانگمان دەکرد. ئەولەوەوە رقـی خـۆی بەرانبەر بەمن گەورەتر دەکـرد. سـاڵان هــاتنو ســاڵان چــوون، لەکۆڕەوەکــەی ســاڵی ١٩٩١ بــاوکم بزربــوو، ئیــدی نەماندۆزیـــەوە. هەنـــدێ دەیـــانگوت خەڵکی تەرمەکەیان دیوەو لەراهیخوادا ناشتوویانە. هەندێ دەیـانگوت سـەرباز گرتویانەو کوشـتوویانە. هەرچـۆنێ بـوو باوکم تیاچوو ئێمـەش بـێ سەرپەرشـت مایـنـەوە. پاشـان گرانـیو قـاتو قـڕی بەدوایەوە داهات. نەمووچـەکەی بـاوکم مایـــەوە و نەخانەنشینیشـــمان بـــۆ بڕایـەوە. کەسـی ئـەوتۆشمان نـەبوو کاربکات. براگەورەکەم تەنیا ١٤ سـاڵان بوو، نەکار دەست دەکـەوتو نەئـەویش توانای کارکردنی هەبوو.دایکـم دەسـتی بەفرۆشـتنی کـەلو پـەلی ناومـاڵ کـرد. هێـــواش هێـــواش ئـــەوانیش بـــەرەو تـــەواوبوون رۆیشـــتن. تادەهـــات دایکـــم رووگرژتر دەبـوو، حەوسـەڵەی دوانـدنو خزمـەتکردنی ئێمـەی نـەدەما. براکـەم بـــوو بەچـــەکداری لایـــەنێك. ئەوکاتـــە مووچـــە نـــەبوو، ئەگـــەر هەشـــبایە زۆر کـــەمبوو بەشـــی ئـــەوەی نـــەدەکرد خێزانێکی ٥ کەسی پـێ بـەخێو بکـرێ. بـــەهۆی دوورکەوتنـــەوەی براکـــەمو قورسی بژێو، دایکـم نائومێـدتر دەبـوو، بەناچـــارییەوە بـــیری لەشـــووکردنەوە کـــردەوە، زۆری نەکێشـــا شـــووی بەدوکاندارێك کردەوە زیاتر لەدوو هەزار قەرزاری بوین. کابرا بەو مەرجە دایکمی مارەکردەوە کەمنداڵە گەورەکان لەگەڵ خۆیـــدا نـــەبات. بەوشـــێوەیە مـــنو براگەورەکـەم هـاوێرکراین. مـن کەوتمـە لای پوورم کەئەویش بێوەژن بوو، بەڵام دەوڵەمەند بـوو. رەوشـی ژیـانم لـەوێش باش نـەبوو، لەسـەرێکەوە توانجیـان لێ دەدامو دەیـــانگوت: دایکـــی خـــۆی بـــەخێوی ناکـــات بـــۆ ئێمـــە بـــەخێوی بکـــەین، لەلایـــەکی تریشـــەوە دووکـــوڕی گـــەنجی هـــەبوو، هەریەکـــەیان مرخـــی خۆیان لەمن خۆشـکردبوو. مەبەسـتیان هاوسـەری نـەبوو، دەیانویسـت دەسـتی خۆیان گـەرم بکەنـەوە و رابـوێرن، مـن هەرچـــەندە هـــەرزەکاربووم بـــەڵام دەمزانـی چارەنووسـێکی خـراپم دەبـێ بۆیە هەرگیز لێیان نزیك نەدەکەوتمـەوە و رێگەم پێنەدەدان ئـەو کارانـە بکـەن. رۆژێکیـان ئـەو مەسـەلەیەم بـۆ پـوورم بـاس کـرد، بـەڵام ئـەو رووی خـۆی گرژکـردوو، گـوتی:" هـەر ئـەوە مـاوە لـــەجیاتی چـــاکە خراپمـــان بکـــەی، کوڕەکـانی مـن هـەرگیز بێزیـان نایـەت تەماشـای تـۆ بکـەن، دواتـر چـۆن مـن کچـی ژنێکـی وەك دایکـت دەکـەم بـــەبووکی خـــۆم!". مـــن وامزانـــی مەبەســتی ئەوەیــە کــەدایکم شــووی کردۆتـــەوە. ئـــەو قســـەیە لەدڵمـــدا کاریگـــەری خـــۆی دانـــا، ســـەیرم کـــرد ئەگـەر بمێنمـەوە دەبـێ ئـابڕووم خـۆم بەنان بگۆڕمەوە و تف لەداهاتووی خۆم بکەم. هەرچـەندە مـن وەك خزمـەتکارو کرێگرتـە کـارم دەکـردو بـواری ئـەوەم نەبوو بەدوای کارێکیتردا بگەڕێم، بەڵام جگە لەهەوڵدان بۆ پەیداکردنی کـارێکی ئابڕوومەندانە هیچ رێگایەکی ترم نەبوو. دراوسـێکان هەسـتیان بەنیگـەرانی مـن کردبوو، دەیانزانی دڵتەنگو نائومێـدمو بـەدوای کـارکردن دەگـەڕێم. ژنێکـی دراوسێ هاتە لای پوورمو گوتی: کچـی براکەت دەیەوێ ئیش بکات، ناسیارێکی ئێمەش خزمەتکاریان دەوێ، ئەگەر تـۆ ڕازی بێـــت دەیبـــەم بابچـــێ لـــەوێ کاربکـات. پـوورم زۆر تووندی وەڵامـی دایەوە و گوتی:" من ناهێڵم کچی بـرام بچـێ لـەماڵان خزمـەتکاری بکـات، هـەر ئـەوەمابوو ئابڕووشمـان ببـات". ئـیتر دەرگەی کارکردنم لـەروو داخـرا. دایکـم چـونکە شـووی کربـۆوە نەیـدەتوانی ســـەردانی مـــاڵی پـــوورم بکـــات. بەناچـــارییەوە لـــەو ماڵـــەدا مامـــەوە کەدەبوایە هەمیشە ئاگـام لـەخۆم بـێ تادەسدرێژیم نەکرێتـە سـەر. رۆژێکیـان مـــاڵی پـــوورم هـــەموویان بـــۆ مـــاڵی ناســـیاوێکیان چـــووبوون، بـــەبیانووی ئەوەی کوڕی گەنجو جحێڵیان هەیە مـن لـەماڵێ مامـەوە، کـە ئـەوان رۆیشـتن منـیش مـاڵم گسـك دا، دواتـر بـەنیازی جلشووشـــتنو خۆشووشـــتن چـــوومە حەمام. جلەکانم تەواو کردبـوو، خـەریك بووم خۆم دەشووشت، لەهیکەوە کوڕە گەورەکـەی پـوورم لـێم هاتـە ژوورەوە. زۆرم هەوڵـداو زۆری لێپاڕامـەوە، بـەڵام سوودی نـەبوو، گـوتی یـان دەتکـوژمو دەڵێم زەڵامم لەگەڵ دیتووە، یان دەبێ ئـەو کـارەم لەگەڵـدا بکـەی، دواتـر ســوێندی خــوارد کــە دەمخــوازێ و دەمکات بەژنی خۆی. سـەرئەنجام هـیچ چـارەیەکم نـەما، تەسـلیم بەداواکـەی بـووم. بـەم شـێوەیە لەیـەکتر نزیـك بووینـەوە. هـەرکاتێ دەرفـەت بوایـە دەهاتە لامو چیێژی خۆی وەردەگرتو دەچـــووە دەرەوە. تاهەســـتم کـــرد کەباردارمو سکم هەیە. پـوورم هـەر زوو هەستی پێکرد. رۆژێکیان بەتەنها لەماڵ بـــووین، لێیپرســـیم هەســـت بەبەرزبوونەوەی سکت دەکـەم، ئەگـەر شتێ هەیـە پـێم بڵـێ ئەگـەرنا دوایـی بەکوشـتنت دەدەم، منـیش راسـتی رووداوەکەم بۆ گێڕایـەوە. پـوورم زۆری لا ناخۆش بوو، گوتی: ئێوارە کەهاتەوە من بۆخۆم قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەگەر وابێ دەبێ بتخوازێ، ئەگـەر واشنەبوو دەبـێ بتکـوژێ. مـن لـەدڵی خۆمـەوە ئاســـوودەبووم، وام دەزانـــی کـــە کوڕەکەی بێ سێ دوو راستیەکە دەڵێو دەمخــوازێ، چــونکە چــەند یــن جــار سوێندی بەخواو پێغەمبەرو قورئـان بـۆ خواردبـووم، بەداخـەوە وا دەرنەچـوو، کوڕە نکۆڵی کردو بـەدرۆی خستمەوە. پوورم هاتـە لامو گوتی ئەگـەر راستی نـــەڵێی وا دەکـــەم هـــەر ئەمشـــەو بتخنکێـنو شـوێنبزرت بکـەن. مـن سوێندم خوارد، پاڕامەوە، گریام بـەڵام سـوودی نـەبوو. داوام کـرد کـە بمبەنـە دکتـۆر و پشـکنینم بـۆ بکـەن تـا درۆو راســتی بــەدیار بکــەوێت. پــوورم دەیگـــوت" دەتـــەوێ لـــەوە زیـــاتر ئابڕوومان ببەی، تۆ کچی دایکی خۆتی، ئەو بـەدوو کـەوتو رۆیشـت، باوکـت تـا مـــرد هـــەر بەدوایـــدا دەگـــەڕا تـــا بیدۆزێتەوەو بیکوژێت، دایکـت دەربـازی بـوو، بـەڵام تـۆ دەربـازت نـابێ " تـا ئەوکاتـــە وام دەزانـــی کـــە ئـــەوەی لەمنداڵیەوە من پێی دەڵێم دایە، دایکی راسـتینی منـە. کەچـی لـەنێو ئـەو کۆستەدا بۆم دەرکەوت کـە مـن دایکـی خۆم نەدیوە و نایناسم.

دوای پاڕانەوەو نوزانەوەیـەکی زۆر پوورم سـکی پـێم سـووتا و بـەڵێنی دا کەدەمباتـــە لای دکتـــۆرو ســـکەکەم لەباردەباتو لەکوشتن رزگـارم دەکـات. من پێموابـوو پـوورم هەسـتی بەراستی کردبـوو بۆیـە بڕیـاریدا کـە سـکەکەم بچـوێنێ و نـەمکوژێ. مـن دەمویسـت راستیو پاکی خۆم بەدیار بخـەم، حەزم دەکرد بمباتە لای دکتـۆر و راستیەکان دەربکەون. پڕ بەدڵ حـەزم بـە کوشـتن دەکـــرد. بـــەڵام نەمدەویســـت بـــەو حاڵەتەوە سکەکەم لەباربـبەنو گاڵتـەی خۆشیانم پـێ بکـەنو بەچاوی سـۆزانیو بـێ بـەها لـێم بـڕوانن. هەرچـۆنێ بـوو منیـان بـردە لای دکتـۆرێكو بـەدەرمان ســـکەکەیان لـــەباربرد. دوای ئـــەو کارەساتە لـەژوورێکی بچووك لەماڵـەوە زیندانی کرام. کوڕە پوورەکەم کە خۆی ئەو کەتنە بەسەر هێنابووم ئەویش وەك ئـــەوانی دیکـــە گاڵتـــەی پێـــدەکردمو جنێوی پێدەدام، تەنانەت ئەگەر کـەس لەماڵـــەوە نەبوایـــە دەیویســـت دەستدرێژیەکانی درێژە پێبداتەوە وەك جـاران رابوێریـت. مـن تـەمبێ ببـوم، ئەگـەر بشیکوشـتبام رێگـەم پێنـەدەدا لێم نزیك بێتەوە. دوای سـاڵێك زینـدانی کـــردن منیـــان بـــەپیرەمێردێکی ژن مـردوودا. ئێسـتا لەگـەڵ ئـەو پیـاوەدا دەژیم، هەرچـەندە بوومەتـە دایكو دوو منداڵم هەیە، بەڵام خۆم بەساوا دەزانمو بەدوای دایکمدا دەگـەڕێم. مـن پێموایـە ئەو بەڵایانـە لـەبێ دایکییـەوە بەسـەرم هـاتوونو حـەز دەکـەم دایکـی خـۆم بدۆزمەوە، منیش دەمەوێ دایکـی خـۆم بناسم

---

# هەڤپەیڤین لەگەڵ بێری شەڵماشیدا

**ئامادەکردنی: رزگار رەنجەرۆ**



رۆژنامـەی (تومـەڵت) ی هۆڵەنـدی کە لەشاری ئـەلمێرە دەردەچێت لـەدوا ژمارەیـــدا لـــەژێر نـــاوی {شـــەوو رۆژ ســەرقاڵی} دەنووســێ کچــە نووســەری کورد *بێری شەڵماڵشـی* لـەدایکبووی وڵاتـــی فەرنســـاو دانیشـــتووی شـــاری ئەلمێر لە پێشبڕکێی نووسەرە لاوەکاندا دووجار لەئەکادیمیا دیاری سـەرکەوتنی بەدەســـت هێنـــاوە، قوتـــابی بەشـــی نووســـینی ســـیناریۆیە لەئـــەکادیمیای دەرهێنـــانی فـــیلم لەئەمســـتەردامی پایتـــەخت. وەك نووســـەرێکی تـــازە پێگەیشـتوو سـاڵی (٢٠٠٣) سـیناریۆی فـیلم (بـارانی پـایز) ی نووسـیو هـەر لەشاری ئەلمێرە بەهاوکاری {تومولت} کە رێکخراوێکە یارمـەتی بـەهرەی نـوێ دەدات لەهـــەموو بارێکـــەوە، لەگـــەڵ دۆســـتو هاورێکـــانی ئـــەکادیمیا ئـــەم سیناریۆیەیان تۆمار کرد وەك فیلمێکـی ســـەرکەوتوو چـــەندین رۆژ لەســـینەما نمایشـکرا، بێـری ووتـی: کـە دەسـتمان کـرد بـە دەرهێنـانی {بـارانی پـایز} لـەدووا هـەنگاوی خوێنـدنی ئامـادەیی بـــووم هـــیچ کەرەســـتەیەکیفلیم دەرهێنانمـــان نـــەبوو تـــەنها جـــۆش و خرۆشـی خزمـەت کـردن ڕایدەکێشـاین بۆئەنجامــدانی کــاری هونــەری نــابێ ئـــەوەش لـــەبیر بکـــەین کـــەڕێکخراوی تومۆڵـــت لـــەباری داراییـــەوە دەســـتی یارمەتی بۆ درێژ کـردین هـەروەها لـەوە فلیمـــەدا یانـــەی لاوانـــی ئـــەلمیرە زۆر بەدڵخۆشـی و بیٚسـڵ کردنـەوە بەشدار بـــوون وە هەنەرمەنـــدی ناســـراوی هۆڵەنـدیش( فـریتس لامـبرێختس )رۆڵی سەرەکی بینی ،زیاتر لەساڵێك شەو رۆژ سـەرقاڵ بـوین بۆبەرهـەم هێنـانی ئـەم فلیمە .

ئەوکورتـــە نوســـینە لەســـەر بـــەهرەوەرێکی کـــورد وای لێکـــردم بـــە دوای ئەم هەواڵەدا بچمو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو نووسەرە لاوە ئەنجام بدەمو چەند پرسیارێکی لێبکەم

پرسیار: ــ ئەگـەر لێتبپرسـم بێـری خان کێیە؟ چی بە خوێنەران دەڵێی؟

وەڵام ـ مـن کچـە کوردێکم قـەدەر وای هێنـــاوە لەفەرەنســـا لـــەدایك بمو ئێسـتاش لەهۆڵەنـد بـژیمو بخـوێنم بـۆ دوارۆژی گەلەکـــــەم، چـــــونکە خانەوادەکەشـــم هـــەردەم لەخزمـــەتی گەلەکەم دا بووینە زۆر شانازیش بـەوە دەکـــەم کـــە کچـــی سیاســـەتمەدارێکی کوردم بەناوی (موستەفای شەڵماش) ی و برازای مەلا ئاوارەی شەهیدم.

پ: ـــ لەرۆژنامـــەی (تومـــەڵت) نووسراوە تۆ قوتابی ئەکادیمیای فیلمی لەئەمستەردام تۆدەڵێی چی ؟

و:– راستە دانیشتووی ئـەکادیمیام لەدوو بـەش دەخـوێنم بەشـی نوسـینی ســـیناریۆ لەگـــەڵ بەشـــی راگەیانـــدن (میـدیا) و فەرهـەنگ (کلتـور) لەشـاری ئەمستردام

پ:–وەك بەهرەدارێکی کورد سیناریۆی فلیمی (بارانیپایز) ت نووسی و سەرکەتنیکی باشی بەدەست هێنا ناوت کەوتە ناوراگەیاندنی هۆڵەندا ،جگە لەخێندن وەك کچە کوردێك چیترت لە پلاندایە ؟

و:–ئـــەوەی نوســـیومەو ئـــەنجامم داوە زۆر کەمــە زیــاتریش بــۆ ئــەزمون پەیداکردن بووە ،بەڵام ئێستا جـوانترین چـــیرۆکی کـــوردی بەخـــەیاڵم دادێـــن دەیاننوسمەوە بۆئەوکاتەی کەبەڕاسـتی دەبم بەپســـپۆر لـــەبواری نووســـینی ســـیناریۆ و دەرهێنـــان ،ئێســـتاش لەودەمەیدا خەریك و سەرقاڵی فلیمێکم بۆسینەمای هۆڵەندی هەر لـەو فلیمـەش بەشـێکی زۆری پەیوەنـدی بـەکوردەوە هەیـە .. پـڕۆژەی بچـوك بچـوکم لەبـەر دەستەو خەون بەپڕۆژەی مەزن دەبینم بۆکوردستان

پ: ــ کـێ زۆر هاوکارتـە لـەبواری دەرهێنانی فیلم؟

و:– لاوانـــی خـــوێن گـــەرمی ئـــەکادیمیاو کۆمپانیـــای (ف پ س ) کەدەزگایـــەکی یـــەکجار گـــەورەی دەرهێنـانی فلیمـە لـە هۆڵەنـدا بـەبێ سڵکردنەوە هاوکاری منن

پ:– بۆسیناریۆ دەنووسی ؟

سەرەتا دەمـەوێ پێت بڵـێم تـەنها ســـیناریۆ نانووســـم بـــەڵکو کـــاری دەرهێنـــانی فلیمـــیش دەکـــەم وەکـــو (بارانیپـایز) ،نووسـینی سـیناریۆیەکی بەهێزو پتـەو برِبـڕەی پشـتی فلیمێکـی سەرکەوتوە ، بنەمای هـەموو فلیمێکـی باش لەسەربناغەی چـیرۆکێکی بـەهێز و سیناریۆکەش ئاوێنەی ئەو بنە مایەبێت کـەمن هـەوڵی بـۆدەدەم و دەمـەوێت فێری بم

پ:–وەك کچـە کوردێـك لـەناو کۆمەڵگای هۆڵەندا چۆن خۆت دەبینی و خۆت دەدۆزیتەوە ؟

و:– خـۆم زۆر ئاسـایی دەبیـنم ،بەهەرحاڵ لێرە دەژیم بێگومـان بـیرو بۆچونی من و چیرۆکی من جیایە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە ئەوجیاوازیەشە لەگەڵ لاوان گفتوگـۆی لەسـەر دەکـەین بـیرو بۆچون دەگۆرینـەوە ،ئەوەشـە زۆرجار بەئاسـانی دۆسـت بۆگەلەکـەمان پەیدا دەکەین

هەرئەوەندە ماوە بڵێم بێری خان تـۆ مانـدوو نەناسـی داوای سـەرکەوتنت لەدڵەوە بۆدەخوازین

سەرچاوەی: ماڵپەری کێڵەشین

---

# سوپاسنامەی هەڵەبجەیەك بۆ سەنتەری هەڵەبجە ( چاك )

**دانا هەڵەبجەیی**

زۆر دەمێکە بەناوی هەڵەبجەوە لێرەو لەوێ، شینو شەپۆ ر ئـەگێرن، تورەکەی سواڵ ڕائـەخرێتو بازرگـانی پێـوە ئـەکرێت. دەمێکـە هەڵەبجە ئەکرێتـــە تـــرشو خـــوێی نوســـینی نوســـەرانی ماستاوچـــیو گوتـــاری سیاسەتبازانی دووڕوو. جاران کـە نـاوی هەڵەبجـەمان ئـەبرد، کەسـانێکی زۆر بوون کە ئەیانووت (ناوچەگەرییەتی عەیبە بۆ کەسێکی کوردستانی).

هەنوکەش کە شارەکەم بووەتە تـایتڵی دەمـی تـەقیوی دیبلۆماسـیی سەفیرو وەزیرە ورگ زلەکان، لەزام کولانەوە زیاتر، هیچیان بـە هەڵەبجـە پێشکەش نەکرد.

بۆ یەکەم جار کـە وەك مرۆڤێـك ئاسـوودە بـووم، ئـەو کاتـە بـوو کـە سەدام گیرا، ئەمرۆ کە وەك هەڵەبجەییەك لەشادیدا گریام، ئەو کاتەبوو کە دادوەری دادگای لاهای داوای (١٥) ساڵ زیندانی بۆ ئـەو پیـاوە کـرد، کـە چەکی کیمیایی بە سـەدام فرۆشـتبوو. لێرەوە پـڕ بـە دڵ سوپاسـی کـاك ئـــەمیر قـــادرو کـــاك عـــەلی مـــەحمود ئەکـــەم، دەســـتی یـــەك بەیـــەکی هەڵسـوڕێنەرانی سـەنتەری هەڵەبجـە (چـاك) ئەگوشـم. بەراسـتی دڵـی هەڵەبجەتان خۆش کرد، بۆ یەکەم جار جینۆسـایدی کوردتـان خسـتە نـاو یاسای سزای نێونەتەوەیی.

بە هیلاکیو شەو نخونی ئێوە بوو، بە هەڵلـەرزینی ئێـوە، لەشـەقامو مەیدانـە سـاردەکانی ئـەوروپا بـوو، بـە دڵسـۆزیو بێگـەردی خـەباتی مرۆڤدۆستانەتان بوو، کە دادگا ئەو بڕیارەی خولقاند.

دالیـا عـەلی، ئـەی ئـەو هونەرمەنـدەی کـە بەسـۆزی دەنگـت، بـە گێڕانـــەوەی ئازارەکـــانی جەســـتەی کیمیـــا خـــوردەت، گریـــانی دایکـــی هەڵەبجەت گەیانـدە دادگـای جینۆسـایدی کـورد، سـەلماندت کـە دەنگـت نوێنەرایەتی هەڵەبجە ئەکات.

چی شك نابـەم کـە پیشکەشـتان کـەم، لـەرێزو سـەرنەویکردن نـەبێ بۆتان.

بەڵام دڵنیا لەوەی کە ئێوە سەربەرزیتان بۆ خۆتان لـەدڵی هەڵەبجـەو گـەرمیان، تۆمـارکرد. ئێـوە سـەرقافڵەی خـەباتی بـە دنیـا ناسـاندنی جینۆسایدی کوردبوون.

لەبەر ئەوەی لەدادگای لاهای جینۆسـایدی کـورد سـەلمێندرا، ئەگـەر هەموو عەرەبیش ببێتە پارێزەرەی سەدام، ناتوانێ لەسزای مەرگ قوتاری بکات.

هەر خۆش مژدەبن خەباتکارانی (چاك).

دەبا ئەو کەسانەش کە گومانیان لەدڵسۆزی ئێـوە هەیـە، بـا لـەباتی ڕاپـۆرت نووسـین بـۆ ئاغاکانیـان، بـا بەشـێك لـەکۆمپانیای حوتـەکانی کوردستان بگوێزنـەوە بـۆ ئـەوروپا بۆیـان، چونکە بەرمیلـە بۆشـەکان وا خەریکە سەر ئاو ئەکەون لەکەشتییە گەندەڵەکانیان.

**دیسان سوپاس، دەستان خۆش**